# ڕاپۆرتی تانگانیکا

نازم حیکمەت
و. لە فارسییەوە: هەژێن

**نامەی چوارەم**

لەوانەیە باڵدارەکان لە ئیستەنبول و مۆسکۆ'وە بێن بۆ دارولسلام
باڵدارەکان بەگشتی لابەلا دەڕۆن
بەڵام فڕۆکەکەی من یەکەمین فڕۆکەیە، کە لە مۆسکۆ'وە هاتووە،
یەکەمین ئیستەنبول'یش بووم،
بۆنی ئەفریکام هەڵمژی
بۆنی ئەفریکای گەورەی ڕەش؛
بۆنی بیابانی گەورە، گیانلەبەرانی گەورە، خۆری گەورە، بارانی درشت و ئەستێرەی درشت دەدات.
بە نێوان دارخورما و درەختی مۆزدا هاتینە شار.
چووینە ئاکواریوم'ێك تا چاو بڕکا سەوزە و  تا چاو کارکا گەرم.
دارولسلام لە خۆراوای دەریالووشی هیندی'دایە
پێش ئیسلام، چەتەی دەریایی و بازرگانانی عەرەب بە ئەبرۆی ڕەشەوە لەم کەنارە دابەزین
پاش ئەوانیش، چەتەی دەریایی دیکە و بازرگانانی دیکە ئەوانی دیکە ئەبرۆیان بۆر بوو.
بەڵام ئەورۆ گرنگ نییە.
«دارالسلام» نێوەندی «تانگانیکا»یە.
تانگانیکا،
تانگانیکا، تانگانیکا
گۆرانییەك دەتوانێ بەم جۆرە دەستپێبکا،
ئاوازی تام تام،
تانگانیکا، تانگانیکا،
خەمبارانی، شادانی، ژیرانی، دێوانانی،
کەسکانی، سوورانی، زەردانی، سپیانی، ڕەشانی *،
تانگانیکا، تانگانیکا ...
دەزانی،
تانگانیکا لە باشووری خۆرهەڵاتیی ئەفریکایە،
نزیکەی دە ملیۆن مرۆڤ، زیاد لە سەد و بیست هۆز
موسوڵمان، کریست، بتپەرست.
دەزانی،
گرنگترین بەرهەمی: قاوە، گا و گیای «سیزاڵ»ە
گەڵاکانی سیزاڵ چەقۆی سەوز و ڕوتن
ڕێس و گوریس و گونیە'یان لێ دەچنن،
دەزانی،

دەزانی پێش گەشتەکەم،
هیچ شتێك لەمانەم نەدەزانی،
دەزانی،
گەشتێك کە لەتەك تۆدا لەسەر نەخشە کردمان
لەیادتە کەشتییەکەمان سێ چارۆکەیی بوو، بنمیچی کەمانی
نیگاری زێرینە کیژی پێشەوەی لە تۆ دەچوو،
لەسەر ئاڵاکەی هۆنراوەم بۆ تۆ نووسی
لە دەریادا ماسی چاوزمرود'مان گرت
باڵداری باڵ چار لەسەر بورجەکەی نیشتنەوە.
لە کەنارەوە، مەیموون مۆزبارانیانکردین
چارۆکەمان هەڵدا و بە دەریا گەرماکانا تێپەڕین
سوڕاینەوە و لە تۆڕی نیوەڕوانان خۆمان ڕزگارکرد تا گەیشتینە دارولسەلام.
گەشتێك کە لەسەر نەخشە لەتەك تۆدا کردمان لە یادتە
لە دارولسەلام لەتەك « سەربازێکی گومناوی» تانگانیکایی دوام.
لە برۆنزی داڕێژراو بوو و لەسەر لاقە ڕووت و باریکەلەکانی،
چەك بەدەست، لە باری هێرشبردندا بوو.
لە پشت سەری، شەقام و لەنگەرگە و بەردەمی جامخانە،
لای ڕاستی تەلاری بانکێك و لای چەپی کلیسایەك،
پرسیم : " هێرش بۆ سەر کێ دەبەی ؟ "
گوتی : " لەشکری ئاڵمانیا "
هەروا گوتی "تا دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی هی ئاڵمانیا بووین.
" ئینگلتەرە هات و فەرماندەیی گرتەدەست، هێرشمانکردە سەر ئاڵمانیا،
ئاڵمانیا چوو و ئینگلتەرە هات،
ئینگلتەرە لە مەژدەوە تا شەست و دوو لێرە ما
ساڵی شەست و دوو بریتانیا'مان وەدەرنا"
هەروا گوتی " کۆمارێکی ئازادین."
گوتی و بێدەنگ بوو
دارولسەلام شارەوانییەکی جوانە.
شەقامە سەرەکییەکانی خاوێن و ڕێکن
گەڕەکێکی گەورەی هیندی هەیە.
هیندەکان بە بازرگانییەوە خەریکن
ئەگەر بتوانن تەنانەت ئاوی دەریاش دەکەنە شووشە و دەیفرۆشن.
«تانگانیکا»یش دوژمنی بازرگانانی هیندییە،
پێشتر تەنیا سپیپێشتەکان ڕێیانپێدەدرا،
مەنووکە مەم ناوەکەی گۆڕاوە و مەم دانیشتوانی
کۆشکی سەرۆککۆماری،
جاران بنکەی فەرمانداری بریتانی بوو،
کۆلێژێك، چل و هەشت هەزار خوێندنکار، گشت تانگانیکا'یین و

مامۆستاکان بریتانی
کلیساکان، مزگەوتەکان، کۆشکەکان، موتێلەکان و نوێنەرەکان**.
نوێنەرگەی*** سۆڤیەت لە باڵاخانەیەکدایە، کە لە موسوڵمانان بەکرێگیراوە و
لەسەر دەرگەکەی بە ڕێنووسی عەرەبی "بسم الله" نووسراوە،
ترام و ئۆتوبوس و هی دیکە دیارنین،
بەڵام ئۆتومەبێل لە گشت مارکەکان،
سوکانی هەموویان لەلای ڕاستەوەیە
بە شێوەی بریتانی.
شۆفێرانی تانگانیکایی زۆر شارەزان
شار 'کابارێت'ێکی هەیە، کە تا بەیانی کراوەیە.
تانگانیکاییەکان، ئەوانەیان کە گەلی و ساکارن، لەسەر خاك دەخەون و ڕادەبن
لە کەپری حەسیرچنا،
زمانی فەرمی ئینگلیزی و "سوهیلی"یە
لە سەرتاسەری تانگانیکا، تەنیا یەك ئەندازیاری تانگانیکایی و
سێ پزیشك هەن
من سەرخۆشی تانگانیکایی'م نەدی
گشت سەرخۆشەکان سپیپێست بوون.
سپیپێستی بێکارم نەدی
گشت بێکارەکان تانگانیکایین
ئەوانەش کە لە سەرەڕێگەکان، شێری لە دار تاشراو بە گەشتیاران دەفرۆشن، تانگانیکایین
ئەفسەری تانکانیکایی'م دیت، سەرۆککۆماری تانگانیکایی و مامۆستای تانگانیکایی
"نایەرەرە"ی سەرۆککۆمار بە چاوانی ڕاماوی مامۆستایەك.
لە گشت دیوارەکانەوە تەماشا دەکا،
لەنێو چێوەکەیدا، لەپشت شووشەوە دانیشتووە و خۆی بەسەر گۆچانە دەسك سپییەکەیدا داداوە.
پۆلیس'م دیتن، کە تانگانیکایی بوون.
لە بانکەکاندا فەرمانبەری تانگانیکایی'م نەدی
یا سپیپێست بوون یا هیندی.
مەیفرۆشەکان و کۆڵبەرەکان تانگانیکایی بوون.
گوندییەکان و شوانەکان، کرێکاران و هەروا سەرۆکی خێڵەکانیش :
لێرە زۆرێك کلیتە لەسەردەکەن، بە ڕەنگ و ئەندازەی جۆراوجۆرەوە
بە گوڵەنگ و بێ گوڵەنگەوە،
ئێمە تورکەکان کلیتەمان لە یۆنانییەکانەوە وەرگرتووە و لەسەری عەرەبان'مان نا.
لەوانەشە لەسەری سودان'یانیش،
ئەوانیش ناویانەتە سەر ئەفریکایانی ڕەش
یا ئەوان، یا ئینگلیزەکان، ئەگەر ئینگلیزییەکان لەسەریان نابن
سەرمسوڕنامێنێت، ئەگەر ئەسپی دەریایی کلیتە لەسەر ببینم.

فێبریوەری ١٩٦٣

****************************

* له دەقە توركی و وەرگێڕانە فارسییەكەیدا تاك بەكاربراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە كوردییەكەدا لە ئاوەڵناو جیابێتەوە و خوێنەر تووشی سەرگەردانی نەبێت، ناچاربووم [كۆ] بەكاربەرم، واتە خەمباری/ خەمبارانی، شادی/ شادانی، ژیری/ ژیرانی، دێوانەی/دێوانانی تانگانیكا ،
كەسكی/كەسكانی، سووری/سوورانی، زەردی/زەردانی، سپی/سپییانی، ڕەشی/ ڕەشانی تانگانیكا،

** نوێنەر : سفیر

*** نوێنەرگە : سفارت

ڕاپۆرتی تانگانیكا یەكێكە لە دواهەمین هۆنراوەكانی نازم حیكمەت، چونكە لە فێبریوەری ١٩٦٣ هۆنراوەتەوە و 'نازم حیكمەت' لە جونی هەمان ساڵدا مردووە. ئەم ڕاپۆرتە لە شێوەی دە هەڵبەست-نامەدا، ئاراستەی ' ڤێرا تولیاكۆڤا ' هاوسەرە ڕوسەكەی كردووە، كە لە ساڵی ١٩٦٠دا لەتەك نازم حیكمەت هاوسەریی كردووە. تانگانیكا، وەك دەزانن لە كاتی گەشتەكەی نازم حیكمەت دا، دوو ساڵ بوو كە سەربەخۆیی بەدەستهێنابوو و بە پێشەوایی ' جولیوس نایەرەرە Julius Nyerere كەوتبووە نێو وڵاتانی هاوبەرژەوەندی ئینگلیسی ..ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٦٢دا بە ڕێكەوتنی زنگبار ' كۆماری تانزانیا'ی پێكهێنا و 'جولیوس نایرە' وەك سەرۆككۆماری دانرا.

www.hezheen.tk

# Raportî Tanganîka

Nazm Hîkmet
w. le Farsîyewe: Hejên

## Namey Çwarem

lewaneye Balldarekan le Îstenbul û Mosko'we bên bo Darulislam
Balldarekan begşitî labela derron
bellam Frrokekey min yekemîn Frrokeye, ke le Mosko'we hatuwe,
yekemîn Îstenbul'îş bûm,
bonî Efrîkam hellmijî
bonî Efrîkay gewrey reş;
bonî Byabanî gewre, Gyanleberanî gewre, Xorî gewre, Baranî drişt û Estêrey drişt dedat.
benêwan Darxurma û Drextî Mozda hatîne Şar.
€ûyne Akwarîwm'êk ta Êaw birrka sewze û
ta Çaw karka germ.
Darulislam le Xoraway Deryalûşî Hîndî'daye
pêş Îslam, Êetey deryayî û Bazirgananî 'Ereb be Ebroy reşewe lem Kenare dabezîn
paş ewanîş, Çetey deryayî dîke û Bazirgananî dike ewanî dîke Ebroyan bor bû.
bellam ewrro gring nîye.
"Daralislam" nêwendî "Tanganîka"ye.
Tanganîka,
Tanganîka, Tanganîka
Goranîyek detwanê bem core destipêbka,
Awazî Tam Tam,
Tanganîka, Tanganîka,
Xembaranî, Şadanî, Jîranî, Dêwananî,

Keskanî, Sûranî, Zerdanî, Sipyanî, Reşanî *,
Tanganîka, Tanganîka ...
dezanî,
Tanganîka le Başûrî Xorhellatîy Efrîkaye,
nzîkey de Milyon Mrov, zyad le Sed û Bîst Hoz
Musullman, Krîst, Bitpersit.
dezanî,
gringitrîn Berhemî: Qawe, Ga û Gyay "Sîzall"e
Gellakanî Sîzall Çeqoy sewz û rutin
Rês û Gurîs û Gunye'yan lê deçnin,
dezanî,
dezanî pêş Geştekem,
hîç ştêk lemanem nedezanî,
dezanî,
Geştêk ke letek toda leser Nexşe kirdman
leyadte Keştîyekeman sê Çarokeyî bû, Binmîçî Kemanî
Nîgarî zêrrîne Kîjî pêşewey le to deçû,
leser Allakey Honrawem bo to nûsî
le Deryada Masî Çawzimrrud'man girt
Balldarî Ball çar leser Burcekey nîştnewe.
le Kenarewe, Meymun Mozbaranyankirdîn
Çarokeman hellda û be Derya germakana têperrîn
surraynewe û le Torrî nîwerrwanan xoman rizgarkird ta geyiştîne Darulselam.
Geştêk ke leser Nexşe letek toda kirdman le yadte
le Darulselam letek " Serbazêkî gumnawî" Tanganîkayî dwam.
le Bronzî darrêjraw bû û leser Laqe rût û barîkelekanî,
Çek bedest, le barî hêrişbirdinda bû.
le pişt Serî, Şeqam û Lengerge û berdemî Camxane,
lay rastî Telarî Bankêk û lay çepî Klîsayek,
pirsîm : " hêrş bo ser kê debey ? "
gutî : " Leşkirî Allmanya "
herwa gutî "ta destipêkî Cengî yekemî Cîhanî hî Allmanya bûyn.
" Îngiltere hat û Fermandeyî girtedest, hêrişmankirde ser Allmanya,
Allmanya çû û Îngiltere hat,
Îngiltere le Hejdewe ta Êest û Dû lêre ma
Sallî Şest û Dû Brîtanya'man wederna"
herwa gutî " Komarêkî azadîn."
gutî û bêdeng bû
Darulselam Şarewanîyekî cwane.
Şeqame serekîyekanî xawên û rêkin
Gerrekêkî gewrey Hîndî heye.
Hîndekan be bazirganîyewe xerîkin
eger bitwanin tenanet Awî Deryaş dekene Şûşe û deyifroşn.
"Tanganîka"îş Dujminî Bazirgananî Hîndîye,
pêştir tenya Spîpêştekan rêyanpêdedra,
henûke hem Nawekey gorrawe û hem Danîştwanî
Koşkî Serokkomarî,
caran Binkey Fermandarî Brîtanî bû,
Kolêjêk, Çil û Heşt Hezar Xwêndinkar, gişt Tanganîka'îyn û
Mamostakan Brîtanî
Klîsakan, Mizgewtekan, Koşkekan, Hutêlekan û Nwênerekan**.
Nwênergey*** Sovyet le Ballaxaneyekdaye, ke le Musullmanan bekrêgîrawe û
leser Dergekey be Rênûsî 'Erebî "bsim Alleh" nûsrawe,
Tram û Otubus û hî dîke dyarnîn,
bellam Otumebêl le gişt Markekan,
Sukanî hemûyan lelay rasteweye

be şêwey Brîtanî.
Şovêranî Tanganîkayî zor şarezan
Şar 'Kabarêt'êkî heye, ke ta Beyanî kraweye.
Tanganîkayyekan, ewaneyan ke gelîy û sakarn, leser Zemin dexewn û radebin
le Keprî hesîrçna,
Zmanî Fermî Îngilîzî û "Suhîlî"ye
le sertaserî Tanganîka, tenya yek Endazyarî Tanganîkayî û
Sê Pzîşk hen
Min Serxoşî Tanganîkayî'mi nedî
gişt Serxoşekan Spîpêst bûn.
Spîpêstî bêkarm nedî
gişt Bêkarekan Tanganîkayîn
ewaneş ke le Sererrêgekan, Şêrî le dar taşraw be Geştyaran defroşn, Tanganîkayîn
Efserî Tankanîkayî'mi dît, Serokkomarî Tanganîkayî û Mamostay tanganîkayî
"Nayerere"î Serokkomar be Çawanî ramawî Mamostayek.
le gişt Dîwarekanewe temaşa deka,
lenêw çêwekeyda, lepşit Şûşewe danîştuwe û xoy beser Goçane desk spîyekeyda dadawe.
Polîs'm dîtin, ke Tanganîkayî bûn.
le Bankekanda Fermanberî Tanganîkayî'mi nedî
ya Spîpêst bûn ya Hîndî.
Meyifroşekan û kollberekan tanganîkayî bûn.
Gundîyekan û Şwanekan, Krêkaran û herwa Serokî Xêlekanîş :
lêre zorêk Klîte leserdeken, be reng û endazey corawcorewe
be Gulleng û bê Gullengewe,
ême Turkekan Klîteman le Yonayyekanewe wergirtuwe û leserî 'Ereban'man na.
lewaneşe leserî Sudan'yanîş,
ewanîş nawyanete ser Efrîkayanî reş
ya ewan, ya Îngilîzekan, eger Îngilîzîyekan leseryan nabin
sermisûrrnamênêt, eger Espî deryayî Klîte leser bbînim.

Fêbrîwerî 1963

**********************************************

*** le Deqe Turkî û Wergêrrane Farsîyekeyda tak bekarbrawe, bellam leberewey le Kurdîyekeda le Awellnaw cyabêtewe û Xwêner tûşî Sergerdanî nebêt, naçarbûm [Ko] bekarberm, wate Xembarî/ Xembaranî, Şadî/ Şadanî, Jîrî/ Jîranî, Dêwaney/Dêwananî Tanganîka , Keskî/Keskanî, Sûrî/Sûranî, Zerdî/Zerdanî, Spîy/Spîyanî, Reşî/ Reşanî Tanganîka,**

**** Nwêner : Sfîr**

***** Nwênerge : Sfart**

**Raportî Tanganîka yekêke le dwahemîn Honrawekanî Nazm Hîkmet, çunke le Fêbrîwerî 1963 honrawetewe û Nazm Hîkmet le Cunî heman Sallda mirduwe. Em Raporte le şêwey de Hellbest-Nameda, arastey «Vera Tulyakova » hawsere Rusekey kirduwe, ke le Sallî 1960da letek Nazm Hîkmet hawserîy kirduwe.**
**Tanganîka, wek dezanin le katî geştekey Nazm Hîkmet da, dû Sall bû ke serbexoyî bedestihênabû û be pêşewayî « Julius Nyerere » kewtbuwe nêw Wllatanî hawberjewendî Îngilîsî .. Ew Wllate le Sallî 1962da be rêkewtinî «Zingbar » Komarî « tanzanya »î pêkhêbna û Julius Nyerere wek serokkomarî danra.**

www.hezheen.tk